# یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەڕەشە لە ئازاد مەجید،
# چارەی کۆمۆنیستو ناسراوی بزوتنەوەی ناڕەزایەتی گەرەکانی شۆرجەو ڕەحیماوا دەکات !

سەركوت، ڕەشەكوژیو پەلاماردانو هێرشی سەربازیو تەقە لە خۆپیشاندەرانو زەوتكردنی مافە سیاسیو مەدەنیو فەردییەكانی خەڵكی كوردستان، پیشەو سیاسەتی یەكێتی نیشتمانی كوردستانەو هەروەك چەندساڵە لە ناوچەكانی ژێر دەسەلاتی خۆی پیادەی دەكات. هێزەكانی بزوتنەوەی كوردایەتیو یەكێتی نیشتمانی كوردستان وەك هێزێكی ئەم بزوتنەوەیە، لە جیاتی وەڵامدانەوە بە خواستو داواكارییەكانی خەڵكی كوردستان، لەجیاتی جێبەجێكردنو هەوڵدان بۆ جێبەجێكردنی ویستەكانی خەڵكی شاری كەركوكو گەرەكەكانی رەحیماواو شۆرجەو ئیمام قاسمو ئازادیو حورییە... یان چەواشەكارانە لەڕێگای پڕوپاگەندەی دەزگاكانی ڕاگەیاندنیەوە خەریكی بەلارێدابردنی ناڕەزایەتیەكانی خەڵكی ئازادیخوازی ئەمشارەیە لە پێناو كەمكردنەوەی نرخی بەنزینو سوتەمەنیەكانو دابینكردنی خزمەتگوزارییەكان لە ئاوو كارەباو هەروەها خانووی گونجاوو موچەی گونجاو... یان ئەوەتا مافو خواستەكانیان سەركوت دەكاتوتەقە لەخۆپیشاندەران دەكاتو مافە سیاسیە سەرەتاییەكانیان زەوت دەكاتو هەڕەشە لەڕابەرانی ئەم خۆپیشاندانانە دەكات، لەحالێكدا كە خۆی بە "كوێخاو نوێنەری" خەڵكی كورد زمانی ئەمشارە دەزانێت لەپێناو كورسیەكانی خۆیدا لە بەغدا بەلام كە دێتە سەر خواستو داوكاری ئەوە ئیتر وەلامەكەی تەقەو كوستنە هەروەك لە شۆرجەو رەحیماودا ڕویدا.

ئەمجارە یەكێتی نیشتمانی كوردستان لە ڕیگای كادرانی ناسراوی خۆیەوەو لە چەندین كەناڵی دیاریكراوەو هەرەشەی خۆی ئاراستەی ئازاد مەجید كردوە كە ڕابەرێكی ناسراوی ئەم خۆپیشاندانو ناڕەزاتیەتیانە بوو، كەسایەتی كۆمۆنیستو ناسراوو خۆشەویستی خەڵكی كورد زمانی شاری كەركوكو بەتایبەت گەرەكانی شۆرجەو حورییەیە. هەرەشەی ناردوە بۆ كەسایەتیەك كە بە هۆی خەباتگێڕی خۆیو زیندانیكردنی لەلایەن ئاسایشەكانی بەعسەوەو پاشان ڕاكردنی بۆ كوردستان وەك چارەیەكی خۆشەویستو ناسراوی ئەم گەرەكانە دەركەوتوە، لەماوەی 3ساڵی ڕابوردوشدا وەك چارەیەكی ناسراوی ناڕەزایەتی ئاوارە گەڕاوەكانو بێكارانو كرێكارانی ئەمشارە ڕۆلی بەرچاوی گێڕاوە.

بزوتنەوەی كوردایەتیو حزبە دەسەلاتدارەكانی، دەستیان خستۆتە نێو دەستی كۆنەپەرسترین هێزی ئیسلامیو قەومپەرستی عەرەبیەوە، لەپێناو كورسیەكانی خۆیان لەبەغدا. لەپێناو ئەم دەسەلاتە لەرزۆكو ناپایەدارەشدا، ئاسایترین كارو سیاسەتێك كەپیادەیان كردوە، سەركوتی مافی خەڵكی كوردستان بوە، لەسەركوتی مافی جیابونەوەی كوردستانەوە بگرە تا داهێنانی مۆدێلی حوكمی 30ساڵ زنیدانی لەسەر نوسینی دوو وتار، تا دەگاتە تەقە لەخۆپیشاندەرانی خەڵكی نارازی شاری كەركوك ، تەقە كردنو كوشتنی خەلكی ناڕازی گەرەكی شۆرجەو رەحیماوا، تەقەكردنو كوشتنی خەڵكی ئازادیخوازی شاری كەلار، تەقەكردن لە خوێندكارانو.... ئەمە لەكاتێكدایە كە هەراوهوریاو پروپاگەندەكانی یەكێتی نیشتمانی كوردستانو تاڵەبانی لەمەڕ دیموكراسی و ئازادی بێسنور مێشكی بێئاگایانی لەسەركوتی ئەم هێزانە هەراسان كردوە.

ئەم هەڕەشە ناردنە سیاسەتێكی باوو كۆنەپەرستی یەكێتی نیشتمانی كوردستانەو مەحكومە. لە هەمانكاتدا ئێمە یەكێتی نیشتمانی كوردستان ئاگادار دەكەینەوە، كە بەرپرسێتی هەر تاوانو پەلامارێكی دەكەوێتە ئەستۆ كە بەرانبەر بە ئازاد مەجید پیادە بكرێت. لە هەمانكاتدا ئیمە لەم بارەوە تەواوی لایەنە پەیوەندیدارەكانو ڕیكخراوەكانی چەپو كرێكاریو ئینسان دۆستەكانو هەروەها ئەمنستی ئەنتەرناسیونال، لەم هەرەشەی یەكێتی نیشتمانی كوردستان ئاگادار دەكەینەوە...

**ڕێكخراوی كوردستان**

**حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق**

2006/1/17